# کتێبەکانی جیهان سکان دەکرێت

کۆمپانیای گوگل کە تواناکانی بەرفراوانە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژیش لە زیادبووندایە، بەمەبەستی خێرای سکان کردنی کتێبەکان بۆ ئەوەی کە گشت کتێبە گرنگەکانی جیهان دیجیتالی بکات، لە شێوەیەکی نوێی سکان کردن سوود وەردەگرێ ئەویش سکان کردن بە تیشکی IR.





کۆمپانیای گوگل لە پرۆژەیەکی درێژمەودا بەنیازە گشت کتێبەکانی جیهان دیجیتالی بکات و بەدواداگەڕانی ئۆنلاینی کتێبەکان لەسەرانسەری جیهاندا دەستەبەر بکات. هەرچەندە بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی وا مەزن هەوڵێکی زۆری دەوێت و ئەگەری سەرنەکەوتنی هەیە، بەڵام کۆمپانیا شێوازێکی نوێی بۆ سکانکردنی کتێبەکان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی کە کتێبەکان بەبێ هەڵە سکان بکرێن لە دوو کامێرای تیشکی سەرووی سوور (IR) سوود وەردەگرێ. ئەو شێوازە جگە لەوەی کتێبەکە سکان دەکات هەڵەی ڕێنووسی کتێبەکانیش کەم دەکاتەوە.

# حەز دەکەی ویندۆزەکەت بکەی بە ویندۆز ڤیستا؟



پرۆگرامی vistamizer ئەو پرۆگرامەیە کە بەبێ ئەوەی ویندۆزەکەت بگۆڕی دەتوانێ ڕوخسارەکەی بکەی بە ویندۆز ڤیستا، بەجۆرێك کە هیچ لە فایلەکانی سیستەمەکەت گۆڕانیان بەسەردا نەیەت، یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێ دیاری بکەی کە چ گۆڕانکارییەك ڕووبدات. چ شتێك گۆڕانی بەسەردا نەیەت. بەدوای هاتنی ویندۆز ڤیستادا زۆربەی ئەوانەی کۆمپیوتەر بەکار دێنن حەزیان لە ویندۆزی ڤیستا نەکرد، چونکە پێیان وایە گرفتی تێدایە و لەگەڵی ڕا نایەن، بەڵام دەیانویست، شێوەی گرافیکی ڤیستا لەسەر کۆمپیوتەرەکان بێت. ئەو پرۆگرامە بۆ ئەوانە زۆر سوودمەندە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەکرێ زمانی ویندۆزەکەت بگۆڕی، بەهەر حاڵ ئەگەر حەزت کرد ئەو پرۆگرامە بسڕیەوە، دەتوانی بەئاسانی بیسڕیەوە بەبێ ئەوەی فایلێك لە سیستەمەکەدا مابێت.

# لە دایکبوونی یەکەم منداڵی ئەلەکترۆنی

داهێنەرانی بواری ڕوبۆت لە ژاپۆن، منداڵێکی ڕۆبۆتیان دروست کرد کە جوڵەی جەستەی وەك جوڵەی جەستەی منداڵ دەچێت و ئەو منداڵە توانای فێربوون و پەیوەندی دامەزراندنی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە.

پسپۆرانی بواری IT لە زانکۆی ئۆزاکا ڕایانگەیاند کە ئەو ڕوبۆتە کە کورتکراوەکەی CB2یە، هەنگاو بە هەنگاو توانا کۆمەڵایەتییەکانی دەردەخات.

لەگەڵ مرۆڤەکان بەهۆی جوڵە و تێگەیشتن پەیوەندی دادەمەزرێنێ و ڕاست وەك منداڵێکی ئاسایی دەچێت.

جوڵەکانی ئەو ڕۆبۆتە وەك جوڵەی منداڵێك دەچێت، هەندێك تایبەتمەندی بزێوی منداڵانەشی تێدایە، ئەو منداڵە زیاتر بەو مەبەستە داهێنراوە کە ئەو هاوسەرانەی منداڵیان نییە بۆیان شوێنی منداڵ بگرێتەوە.



# کوداک و دوو وێنە لە یەک کاتدا




کۆمپانیای کۆداك کە کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو دێرینەیە لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا، لە نوێترین هەوڵیدا کامێرایەکی دروست کردووە کە بە رواڵەت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کامێراکانی دیکە، بەڵام لە بواری کاراییەوە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ گشت کامێراکان. ئەو کامێرا دیجیتالییە کە تواناکانی 11 میگاپیکسەلە، خاوەنی دوو لێنزی لێك جیایە، کە دەتوانێ بەهەرکام لەوانە بەشێوەیەکی جیا وێنە بگرێ، هەروەها دەتوانێ لەیەك کاتدا دوو وێنە بگرێ. سیستەمی ناو کامێرایەکە بە جۆرێکە کە دەتوانێ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك هەلومەرجی وێنەگرتنەکە لە نێوان دوو (عەدەسە)دا دیاری بکات. کۆمپانیای بەرهەمهێنی کامێرا رادەگەیەنێ کە تاکو ئێستا کامێرایەکی لەم شێوەیە دروست نەکراوە.

# بۆ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت خێرابێت

هەر کەسێك کە کۆمپیوتەر لە ژیانی رۆژانەیدا بەکار بێنێ پاش ماوەیەك گلەیی هەیە کە خێرایی ویندۆزەکەی دابەزیوە، ناچار دەبن جارێکی دیکە ویندۆزی لێبدەنەوە. پرۆگرامگەلێکی زۆر وەك تایبەت بە ریجستەری، یەکپارچەکردنی هارد، خێرا کردنی سیستەم...هتد هەیە. ئەو پرۆگرامە گشتیان بە سوودن و تارادەیەك سیستەمەکە وەك پێشوو لێدەکەنەوە، بەڵام بەتەنیا ئەوە بەس نییە، بگرە پرۆگرامێکمان پێویستە کە ئەرکی بەرێوەبردنی سیستەم کۆنترۆڵ بکات.

پرۆگرامی speddUpMyPC خەڵاتی باشترین پرۆگرامی سودمەندی چاودێری سیستەمی وەرگرتووە. کە تەنیا بە چەند کلیکێك دەتوانێ سیستەمەکە وەك پێشوو لێبکاتەوە، ئەو پرۆگرامە گشت لایەنەکانی سیستەم باش دەکاتەوە، هەروەها ئەو گرفتانەی بەهۆی کردنەوەی سایتەکان دێنە پێش، یان بەهۆی دابەزاندنی پرۆگرامەکان یان تێکچوونی هاردەکەتان تووشتان دەبێت باش دەکاتەوە.

تواناسەرەکییەکانی پرۆگرامی SpeedUpMyPC:

نیشاندانی گرافیکی باشکردنەوەی توانای CPU و بردنە سەری خێرایی سیستەم.

سڕینەوەی پرۆگرامە شاراوەکان کە خێرایی سیستەم دادەبەزێنن.

سڕینەوەی تەواوی فایل و فۆلدەرە ناپێویستەکان.

سکانکردن بەشێوەی ئۆتۆماتیکی بەردەوام.




# هاندێکی نوێ لەلایەن کۆمپانیای PSDیەوە.



کۆمپانیای PSD هاندێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە بەهاندی هۆشمەندی جۆری TXT8030 ناسراوە تاکو ئێستا نموونەی لەم جۆرە لە هیچ کۆمپانیایەك بەرهەم نەهاتووە، ئەو هاندە کیبۆردی جۆری QWERTY هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێ بۆ تایپ کردنی کورتە پەیامەکان، هاندەکە بەجۆرێك دابنێ کە کیبۆردەکە لە پەنجەکاندا جێگیر بێت، لای خوارەوەی هاندەکە دوو رووی هەیە کە لایەکیان کیبۆردەکەی بەتەواوی جێگیرکردووە و لایەکەی تری دوگمە تایبەتییەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی مۆسیقی و ڤۆلۆمە، هەروەها میمۆری 16 گیگابایتی لەسەرە.

# تەنیایی و دووره پەرێزی هۆکارێکەن بۆ نەخۆشی

نوێترین توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە تەنیایی گەر تێکەڵاو بێت لەگەڵ دڵەراوکێ سیستەمی دڵ تێك دەدات و دەبێتە هۆی زیادبوونی فشاری خوێن.

پسپۆرانی تەندروستی دەڵێن، کاتێك یەکێك هەست بە تەنیایی دەکات رێژەی هۆرمۆنی قەلەق و دڵەراوکێ لەواندا زیاد دەکات و فشاریان دەچێتە سەرێ، بەدوای ئەوەدا لێدانی دڵ زۆر دەبێــت، چونکە فشــارێکی زۆر بۆ دڵ هاتووە، دڵ ناچارە بۆ رێکخســتنی سیستەمی جەستە کارێکی زۆرتر بکات.

پســپۆرانی تەندروستی لە زانکۆی شــیکاگۆ دەڵێن، تەنیایی بەتایبەتی لە تەمەنی پیریدا رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە چوونەســەری فشــاری خوێن و نەخۆشییەکانی دڵ زیــاد دەکەن. زەختی خوێــن لەوانەی کە بەتەنیان ٣٠٪ی زیاتــرە لەوانەی کە لەگەڵ بنەماڵەکانیــان دەژین، هەروەها زانایانی بواری تەندروســتی لەو بڕوایە دان، زۆر کەس بەرواڵەت لەگەڵ خەڵکدان، بەڵام لە دەروونەوە لەخەڵك دوورن ئەوانە هیچ جیاوازییان نییە لەگەڵ مرۆڤە دووره پەرێزەکان.





# تایبەتمەندییەکانی میوەی خۆخ

میوەی خۆخ لەســەرەتادا لە وڵاتی چینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەو پاشان چووەتە ئەورووپا و لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە.

خۆخ بەهۆی ئەوەی کە میوەیەکی تەڕ و ئاودارە، بەتەواوی هەرس دەبێت، ئەو مادە شــەکرییە تێیدایە گەدە بەبێ گرفت وەری دەگرێ، بۆیە بۆ هەرسکردنی خواردن زۆر بەسوودە.

خــۆخ میوەیەکە کە زۆربــەی ڤیتامینەکانی لە خۆیــدا کۆکردۆتەوە، وەك ڤیتامینەکانی (B1-B2-C-A)ی. ڤیتامینەکان بەچڕی لە پێســتی خۆخدا کۆبوونەتەوە، بۆیە پێویستە خۆخ بە پێستەوە بخورێت، بەڵام ئەوانەی کە نەخۆشی شــەکرەیان هەیە پێویستە میوەی خۆخ نەخۆن، کەچی ئەوانەی نیازیان هەیە کە کێشیان دابەزێنن پێویستە خۆخ بخۆن، چونکە وزەی زۆر کەمی تێدایە. ئەوانەی کە نەخۆشی گورچیلە و یا روماتیسیان هەیە پێویستە خۆخ بخۆن چونکە خۆخ میزهێنەرە و خوێن پاڵاوتە دەکات.

خۆخ کە پاك بکرێ بۆ جوانکردنی پێست باشە، ئەو ئافرەتانەی کە حەز دەکەن پێســتیان جوان بێت، پێویســتە بە ئاوی خۆخ دەموچاویان بشۆن و ماوەیەك ئەو ئاوە لەسەر روخساریان بمێنێتەوە. خونچەی داری خۆخ ئەگەر وەك چا لێبندرێ، بۆ ئارامکردنەوەی ژانی دەمار زۆر باشە، شەربەتی گوڵی خۆخ، بۆ کۆخە زۆر باشە و سینگ خاوێن دەکاتەوە.

# حەب و دەرمان لەگەڵ ئاوبخۆن

"نیو کاتژمێر بەر لــە خواردن، نیو کاتژمێر دوای نانخواردن". ئەو دەستەواژانەتان لانی کەم جارێك لە دکتۆرەکان گوێ لێ بووە.

بەڵام گرنگی ئەو وتەیە لە چی دایە، بەراست دکتۆرەکان بۆچی ئەوە دووپات دەکەنەوە؟

خواردنێك کە دەیخۆین، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك مادەی کیمیایی، پرۆتیــن و ڤیتامین...هتد. کاتێك کە خواردنێك دەخۆین مادەی جۆراوجۆر دەچێتە جەســتەمانەوە. واتە سەرەرای مادەی ســەرەکی دەرمانەکە، مادەی تریشــی تێدایە. کاتێك کە خــۆراك و دەرمان پێکەوە دەخورێن، پەرچە کرداری دژ بەیەك نیشان دەدەن، زۆربەی ئــەو دژ کردەوانە دەبنە هــۆی کەمکردنەوەی کاریگەری دەرمانەکان لە جەستەدا.

باشــترین کاتی خواردنــی دەرمانەکان ئەو کاتەیە کە گەدە بەتاڵ بێت لە خۆراك، چونکە لەوکاتەدا دەرمانەکە بەباشی کاریگەری خۆی دەردەخــات، نیو کاتژمێر پــاش و پێش خۆراك گەدە بەتاڵە. هیچ کاتێك دەرمان نابێ لەگەڵ مادەی شــیرەمەنی وەك پەنیر و ماست و شیر بخورێن. دەبێ هەمیشــە دەرمــان لەگەڵ ئاو بخورێ، لەبــەر ئەوەی کە حەبەکان وشــکن ئەگــەری زۆری هەیە لە گــەرووا بمێننەوە و ئەوکاتــە گرفت بێننە پێــش، دەبێ ئەوەندە ئاو بخۆنەوە کــە دڵنیا بن حەبەکە لە گەرووا نەماوەتەوە.



# چ بکەین بۆ ئەوەی لە ژیانمان رازی بین؟

پرسیارێك كە زۆربەی دەروونناسان دەیانەوێ وەڵامەكەی بزانن ئەوەیە، كە چ شتێك دەبێتە هۆی رازی بوونمان لە ژیانمان.

توێژەرەوانی بواری تەندروستی جەستەیی و دەروونی بەو مەبەستە هەوڵی زۆریان داوە تا بگەنە ئامانجێك، ئایا پارەو دارایی، بیركردنەوە، كەلتوور، زین، تەندروستی باش..هتد چ كاریگەرییەكیان لەسەر رازیبوونمان لە ژیان هەیە، بەگشتی هەموویان لەسەر ئەم چەند خاڵە كۆبوونەتەوە.

- ساتەكانی ژیان دەرك بكەن

جارجارە لە ژیان رامێنن، گوڵێك بۆن بكەن، سەیری دیمەنی منداڵێك بكەن كە یاری دەكات، لە رۆژدا بیر لە ساتە شادەكان بكەنەوە، ئەوانە خەمۆكیتان لەبیر دەباتەوە.

- ژیانی خۆت بەراورد مەكە لەگەڵ كەسانی دیكە

خۆ بەراورد كردن لەگەڵ كەسانی دیكە زەربەیەكی گەورە لە ژیانتان دەدا، لەبری ئەوە سەیری خۆت بكە، بیر لەو دەستكەوتانە بكەوە كە لە ژیانتدا بەدەستت هێناون.

- زۆر بیر لە پارە و سەروەت مەكەوە



ئەوانەی كە هەمیشە بیر لە سەرمایە و دارایی دەكەنەوە، هەمیشە تووشی خەمۆكی هاتوون، دڵەراوكێ لەوانەدا زۆرە، ئەوانەی خاوەنی پارەیەكی زۆربوون بەپێی توێژینەوەكان تەمەنیان كەم بووە و زۆریان تووشی نەخۆشی جەڵتەی دڵ بوون.

- ئامانجی گرنگ لە ژیاندا بگرنە بەر..

ئەوانەی بە دوای مەبەستێكی بەسوودا هەوڵ دەدەن، زۆر لە ژیانیاندا رازی ترن لەكەسانی دیكە، زانایان دەڵێن بەختەوەری لە ئامانجە پیرۆزەكان دایە..

- هاوڕێی نوێ بدۆزنەوە گرنگی بە بنەماڵەكەت بدە.

ئەوانەی لە ژیانیان رازین بەزۆریان بنەماڵەكەیان خۆش دەوێت، ئەوانەی بەردەوام سەردانی هاوڕێ و دۆستانیان دەكەن لە ژیانیاندا رازی ترن.

- پێبكەنە تەنانەت ئەگەر بەزۆریش بێت

بەردەوام لەگەڵ ژیان پێبكەنن، هەمیشە بیر لە داهاتووی گەش بكەوە، تەنانەت ئەگەر لە هەلومەرجێكی زۆر ناخۆشیش دابن.

# كار كردنی شەوانە تووشی شێرپەنجەتان دەكات

كاركردنی شەوانە، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان لە ماوەیەكی درێژخایەندا، ئەگەری تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجە زیاد دەكات، حكومەتی دانیمارك قەرەبووی ئەو ئافرەتانە دەكاتەوە كە شەوانە دەوام دەكەن و لە ئاكامی دەوامی شەوانەیاندا تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك بوون.

پسپۆرانی تەندروستی هۆشداریان داوە بە كاركردنی بەردەوامی شەوانە و كاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی مرۆڤ. نەخۆشییەكانی دڵ و دەمار، كۆئەندامی هەرس، كەم كێشی منداڵی ئەو دایكانەی كە شەوانە دەوام دەكەن، هەروەها دەوامی شەوانە ئەو كاریگەرییە نیگەتیڤیانەشی هەیە، تێكچوونی خەو، ماندووبوونی بەردەوام، مەترسی جەڵتە. هۆكاری تووش بوون بە نەخۆشی شێرپەنجە، كەمخەوی دەگەڕێتەوە. بێخەوی مادەی "ملاتونین" كە مادەیەكی دژە شێرپەنجەیە لە جەستەدا كەم دەكاتەوە.



د. معتەز فازل حەمادی

# مردنی دەماغ مردنی یەکجارەکی و تەواوەتی مرۆڤە



**مردنی دەماغ حاڵەتێکی پزیشکییە و بە زۆری لە رووداوە جۆراوجۆرەکانی هاتووچۆ، یان هەندێکجار بە هۆی جەڵتەی مێشکەوە روودەدات، لەم جۆرە مردنەدا، کۆ ئەندامی ناوەندی دەمار بە تەواوەتی لە کاردەکەوێت و جارێکی ببڕای ببڕ، ژیانی بە بەردا نایەتەوە، بەڵام ئەندامەکانی تری لەش وەك دڵ و سپییەکان و گورچیلەکان بۆ ماوەی چەند خولەکێك بەردەوام دەبن لە کارکردن.**

**لێرەوە ئەگەر کەسە مردووەکە بخرێتە ژێر هەناسەی دەستکرد، بەهۆی ئامێری تایبەتەوە دەتوانرێ ئەو کەسە ئەندامەکانی وەك دڵ و جگەر و سپییەکان و گورچیلەکانی بە زیندوویی بهێڵدرێتەوە و بۆ کرداری چاندنی ئەندام (زرع الاعضاء)، سوود لەو ئەندامانەی وەربگرێت.**

**بەڵام کێشەکە لەوەدایە، بەهۆی بیروڕای کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و کەسوکاری ئەو کەسە مردووە رێگە نادەن سوود لە ئەندامەکانی وەربگرێت و بۆ کەسێکی تر سوودی لێببینرێت و بگوازرێتەوە، جا بۆ ئەوەی بزانین مردنی دەماغ چییە و لە رووی پزیشکیەوە چ پێناسێکی بۆ دەکرێ ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ پسپۆڕی پزیشکی دەماغ و کۆئەندامی دەکار (د. متعەز) کرد...**

ئا: سۆلاف

*** پێش ئەوەی باسی مردنی دەماغ بکەین، با ئەگەر زۆر بە کورتیش بێت، زانیارییەکمان لە بارەی فسیۆلۆجیای دەماغ بدەیتێ؟**

- دەماغ وەك هەر بەشێکی تری لەشی مرۆڤ، لە ساتی دروستبوونی یەکەمین خانەوە دەست پێدەکات و لە هەفتەی یەکەمی، دەست بە درووستبوونی راستەقینەی دەکات و یەکەم ئەندامیش کە دروست دەبێ، بەشێوەیەکی گشتی کۆئەندامی ناوەندی دەمار ، کە لە دەماغ و دڕکە پەتك و دەمارەکان، دەماغ لەسەرەتای پێکهاتنی کۆئەندامەکە ئیش ناکات.

بەڵکو پاشان دەست بە ئیشکردن دەکات، کە چەند مانگێکی دەوێ تا دەتوانێ کار بکات.. دەماغ بەشێوەیەکی درەنگ و لەسەرخۆ گەشە دەکات، کاتێك لە ماوەی ژیاندا دەگاتە قۆناغێکی گەشەکردن ئیتر لەو ئاستە رادەوەستێت و خانەکانی چیتر زیاد ناکەن و ژمارەی ئەو خانانە لە رێژەیەکی دیاریکراودا دەوستێت، هەر لە ناوچۆنێك لە کۆئەندامی دەمار و لە دەماغ رووبدات، ناتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە.



با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئەگەر حاڵەتی جەڵتەی دەماغ وەربگرین دەبینین بەشێك لە خانەکانی دەماغ دەمرن و بە یەکجاری لەکار دەکەون، ئێمە کە چارەسەری حاڵەتی جەڵتەی دەماغ دەکەین، هەوڵدەدەین ژمارەی دیکەی دەمارەخانەکانی دەماغ نەمرن، بۆ ئەوەی رێ لە جەڵتەی دووەم و هی دیکە بگرین، جگە لەوەش هانی خانەکانی دیکەی دەماغ دەدەین، کە بتوانن قەرەبووی فرمانەکانی ئەو خانانە بکەینەوە تا بتوانن، ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت لە جیاتی ئەوانیش کاربکەن، کەواتە ئەگەر کەموکورییەك لە ژمارەی خانەکانی دەماغ هەر ئەوەشە وادەکات کە بڵێین کۆئەندامی دەمار تاکە، کۆئەندامێکە کە ناتوانرێ لە لەش بچێندرێت، بۆ نموونە دڵ، دەتوانین وا بکەین، لە رووی میکانیکییەوە، لە دەرەوەی لەشیش کار بکات و پاشان لە لەشی مرۆڤێکی دیکە بچێنین یان گورچیلە یا بەشێك لە جگەر، ئەوانیش لە دەرەوەی لەشی مرۆڤ بەهۆی ئامێر پزیشکییەوە کە سووڕی خوێنی تێدا بەردەوام دەکرێ، بە زیندویی بهێڵدرێتەوە و دواتر لە لەشی مرۆڤێکی دیکە بچێندرێن.

هەمان لەشێش سەبارەت بەمۆخی ئێسك(نخاع العظم).

دەکرێ بچێندرێت، بەڵام چاندنی مێشك مەحاڵە، ناتوانرێ مێشك لە دەرەوەی لەش بۆ چرکەیەکش بە زیندوویی رابگرین، کەواتە راوەستانی دەماغ راوەستانێکی یەکجارەکی و هەتاهەتاییە.

*** ئەی کەواتە بەنج(تحذیر)کردنی دەماغ چییە؟ ئایا وەستاندنێکی کاتی دەماغ نییە لە کارەکانی؟**

- نەخێر بەنجکردن گواستنەوەی دەماغە لە حاڵەتی ئاگاییەوە بۆ حاڵەتی نا ئاگییەوە.. چونکە دەماغ لە هەردوو حاڵەتێی ئاگایی و ئاگایی (الوعی واللاوعی ) ئیش دەکات.

بۆنموونە هەندێ فرمانی لەش هەن، بەبێ ئاگایی و ویستی مرۆڤ روودەدەن، وەك فرمانی سووڕی خوێن، هەناسەدان، پلەی گەرمی لەش، هەرس کردنی خۆراك...تد هەموو ئەوانە لە ژێر فرمانی دەماغدان و ویستی مرۆڤیش هیچ رۆڵێکی تێدانییە، کەواتە لە حاڵەتی بەنجکردندان تەنیا ئاگایی مرۆڤ نامێنێت، دەنا نا ئاگاییەکەی دەمێنێ، بە بەڵگەی ئەوەی کۆئەندامی هەناسە و سووڕی خوێن و دڵ و گورچیلەکان و جگەر ئیشی خۆیانە هەر دەکەن، واتە فرمانە خۆنەویستەکان(الوظائف اللارادیة) ناوەستن، تەنیا فرمانە خۆویستەکان و ئازار رادەگیرێت.. کە کاریگەری بەنجەکە نەما، ئەو فرمانانە دووبارە دەستپێیدەکەنەوە، هەروەك جاران.

*** ئەی لە حاڵەتی مردنی دەماغدا؟**

- لە حاڵەتی مردنی دەماغدا هەر دوو فرمانە سەرەکییەکەی و خۆویست و خۆنەویست (اللارادیة واللارادیة) بە یەکجارەکی و کۆتایی رادەوەستن و جارێکی تر کار ناکەنەوە، دیارە کۆئەندامی ناوەندی دەمار و لەگەڵیشدا دەماغ، کۆئەندامێکی زۆر ئاڵۆز و زۆریش هەستیارە، هەستیارە چونکە هەر کەموکورییەك لە خوێن پێدان و خۆراك و پێدانی رووبدات، تێکیدەدات و لەناو دەچێ و خانەکانی دەمرن یا

ئۆکسجینی لێ ببڕێت ماوەی مردنیش بەو هۆیانەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا و لەهەموو مرۆڤێکیشدا لەنێوان(٢-١٠) خولەك دەبێ و لەوە زێتر رەت نادات، ئەگەر لەو ماوەیەدا دەماغ ئۆکسجین یان خۆراك (گلوکۆز)ی لێ ببڕێت، راوەستانێکی یەکجارەکی رادەوستێ و دەمرێت... بۆچی کە رادەوەستێ جارێکی تر ژیانی بە بەردا ناکرێتەوە، تا ئەمڕۆکەشی لەگەڵدا بێت تەفسیرێکمان نییە نهێنییەکەمان پێ بڵێت، تائێستاش نازانین بۆچی کە خانە دەمارەکانی دەماغ ئەگەر بمرن، مردنێکی یەکجارەکییە و جارێکی تر ناژیەتەوە.

*** جا ئێستا بابێینە سەر مردنی دەماغ و، بزانین مانای چییە؟**

- مردنی دەماغ واتە مردنی دەماری خانەکانی، جا یان بەهۆی کەمی ئۆکسجین کە ئەمە هۆی سەرەکییە، یانیش بەهۆی کەمی گلوکۆزە، واتە نەگەیشتنی ئۆکسجین و خۆراك، خۆی دەمارە خانەکانی دەماغ بەهیچ شێوەیەك لەکارکردن ناوەستن، بۆیە بەردەوام پێویستی بە ئۆکسجین و خۆراکە، ئەگەر ئەم دوو شتەی لێ ببڕێ هەتا ئەگەر بۆ چەند خولەکێکی زۆر کەمیش بێت، ئەوە دەبێتە هۆی مردنی دەماغ بەشێوەیەکی یەکجارەکی.

کە دەماغیش مرد ئیتر جارێکی تر فرمانەکانی ناگەڕێتەوە، ئەو فرمانانەی کە دەماغ پێش مردنی پێی هەڵدەستا، جارێکی تر روونادەنەوە.

*** مانای وایە لەگەڵ مردنی دەماغ، فرمانی ئەندامەکانی تری لەشیش دەوەستن..؟**

- بە مسۆگەری و بەرەهایی نا، چونکە سەرەتا کە دەماغ دەمرێت، دڵ بۆ نموونە دەمودەست نامرێت، کرداری هەناسەدانیش دەمودەست راناوەستێت، بەڵام پاشتر دەمرێت، بەڵام دڵ دەتوانێ پاڵ بەخوێنەوە بنێ بۆ بەشەکانی لەش، کرداری هەناسەدان و جوڵانی ماسوولکەکان بەشێوەیەکی لاواز و هێواشی و لەسەرەخۆ تاڕادەیەك دەمێننەوە، بەڵام کردارە زیندەگییەکان وەك هۆش و ئیدراك و هەست کردن بە ژیان و ئاگایی و جوڵەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی یەکجارەکی و بەتەواوەتی کۆتاییان پێدێت، بەڵام بەهۆی بوونی ئامێری پزیشکی تازە کە یارمەتی کرداری هەناسەدانی مرۆڤ دەدەن، دەکرێ کرداری هەناسەدان و سووڕی خوێن درێژە پێبدرێت، ئەم مرۆڤەکە بەهەر هۆیەکەوە بێت دەماغی مردووە، بە مرۆڤێکی مردوو دادەنرێت و گەڕاندنەوەی بۆ ژیان جارێکی تر لەو پەڕی مەحاڵیش دایە، دەکرێ ئەو کەسە بۆ ماوەی چوار تا شەش کاتژمێر لە ژێر ئەو ئامێرە دابنرێت، بەڵام دواتر دەبێ ئامێرەکانی لەسەر هەڵبگیرێت و کەسەکە وەك تەرم (جثة) حسابی بۆ دەکرێت.

*** ئەمە کێشەتان بۆ دروست ناکات، کە ئێوە وەك پزیشك بڕیاری هەڵگرتنی ئەو ئامێرانە لەسەر کەسێکی مردوو هەڵدەگرن، بەتایبەتی لەلایەن کەسوکاری ئەو مردووەوە کە دەبینین وا کەسەکەیان لەژێر ئامێر پزیشکیدا هەناسە دەدات و دڵ و گورچیلەکان و سییەکانی کار دەکەن؟**

- بەڵێ وایە، ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی بێزارکەرە بۆمان، خەڵك نازانن مردنی دەماغ واتە مردنی مسۆگەری مرۆڤ، ئەو یەك دوو کاتژمێرش کە لە ژێر ئامیز دەیهێڵینەوە هەرگیز ئەو مردووە ناگەڕێنێتیەوە بۆ ژیان، مانەوەی لە ژێر ئامێردا دەتوانرێ بۆ مەسەلەی چاندنی ئەندامەکان سوودی لێوەربگیرێت.

واتە، دڵی یان گورچیلەکانی یان جگەری یا بەشێك لە سیپەلاکی وەربگیرێت و لێی بکرێتەوە و بۆ کەسێکی دیکە کە ژیانی وەستاوە لەسەر چاندنی یەکێ لەو ئەندامانە و بچێندرێ، بەڵام ئەمە لە وڵاتی ئێمە زۆر زەحمەتە، چونکە چۆن کەسوکاری ئەو مردووە رازی دەکەی کە بۆ نموونە گورچیلەکانی لێبکرێتەوە و لە کەسێکی دیکە نەخۆش کە گورچیلەکانی لەکار وەستان و پێویستیان بەچاندنی گورچیلە هەیە، بچێندرێت... ئەو کەسە مردووە، وەك گوتمان دەماغی مردووە، بەڵام ئەو ئەندامانی بەهۆی ئامێرەوە ئیش دەکات.

*** باشە ئەو ئەندامانەی کە باست کردن و دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت وەك ئەندامی یەدەگ و(قطع الغیار) زیندوون، تا لێبکرێنەوە و لەکەسێکی دیکە بچێندرێن؟**

- بەڵێ مادام بە ئامێر دەتوانین بەردەوامی بەکرداری هەناسەدان بدەین و لە رێگەی خوێنبەرەوە (گلوکۆز)ی بدەینێ، دل بەردەوام دەبێ لە ئیش کردن و پاڵنانی خوێن، بەڵام هەر کە ئامێرەکانمان لەسەر کەسە مردووەکە هەڵگرت، ئیدی ئەو ئەندامانەش بە یەکجاری لەکارکردن دەوەستن و دەمرن، کە مردنیش، مردووە کە دەست دەکات بە کرداری بۆگەن بوون واتە(تفسخ)ەو، ساردبوونەوەی لەش دەستپێدەکات، بەڵام تا ئەو کاتەی ئامێری لەسەر، پلەی گەرمی لەش بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە بۆیە کە سووڕی خوێن وەستا، دڵ و سیپەلاك و گورچیلەکان و جگەر و پەنکریایش دەوەستن و ئەوجا نیشانەکانی بۆگەن سەرهەڵدەدات.

هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو میکرۆبانەی کە لە لەشدان و بەشێوەی ئاسایی دەژین، دەبنە خۆرە و وەك میکرۆب کاردەکەن و هێرش دەکەنە سەر لاشەکە، دیارە جاران هەندێ زانا مردنی (دڵ) یان دەکردە پێوەر و هەندێکیشیان مردنی دەماغیان دەکردە پێوەر بۆ بڕیار دان لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئەو کەسە مردووە یان نە، بێگومان رای راست ئەوەیە مردنی دەماغ مردنی تەواوەتی و راستەقینەی مرۆڤە، دڵ ئیش دەکات یان نە، یا دواتر پاش دەماغ دەمرێ هیچ بایەخێکی نییە و بە مردنی دەماغ مرۆڤەکە بە مردوو دادەنرێت و ئەوش کۆتایی مەسەلەکەیە.




دەماغ بەهیچ شێوەیەک لەکارکردن ناوەستن، بۆیە بەردەوام پێویستی بە ئۆکسجین و خۆراکە، ئەگەر ئەم دوو شتەی لێ ببڕێ هەتا ئەگەر بۆ چەند خولەکێکی زۆر کەمیش بێت، ئەوە دەبێتە هۆی مردنی دەماغ

خەڵک نازانن مردنی دەماغ واتە مردنی مسۆگەری مرۆڤ، ئەو یەک دوو کاتژمێرش کە لە ژێر ئامیز دەیهێڵینەوە هەرگیز ئەو مردووە ناگەڕێنێتیەوە بۆ ژیان